# پاسەوان لەبری پێشمەرگە؟ وشەیەکی نەشیاو لەجێگەی وشەیەکی شیاو

سیروان کاروانی

شاعیرێکی یۆنانی بۆ پێشمەرگە دەڵێت:

"کاتێک مشتەکۆڵەیان بەرز دەکەنەوە مژدەی خۆرهەڵاتن دەدەن، وەختێک دەنوون لە گیرفانی کون کون و بەتاڵیانەوە ئەسپێ بە ڕەو دێنە خوارێ، کاتێکیش شەهید دەبن ژیان بە تەپڵ و ئاڵاوە بە گردۆڵکە و یاڵەکاندا هەڵدەگەڕێ"*

ماوەیەکە لە ڕاگەیاندنەکاندا باس لەوە دەکرێت کە هێزی پێشمەرگە وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ناوەکەی دەبێت بە پاسەوانی سنوور واتە (هێزەکانی پاسەوانانی سنوور) و، دیارە لێرەشدا مەبەست لە پاراستن، یاخود چاوەدێریکردن/ئاگاداریکردنی سنوورە، بەڵام ئایا ئەو لەبریدانانە ئەو مەبەستەی خۆی پێکاوە؟

پێشمەرگە کەسێکی چەک لەشانی ئازادیخواز و خۆبەختکەرە کە بۆ ئامانجێکی پیرۆز، پیرۆزتر لە جەستەی خۆی، گیانی خۆی پێش مەرگ دەخات و، پاسەوان (کە وشەیەکی هەڵەیە)، با بڵێین پاراستن یاخود پارێزگاری/چاودێری کە لەوێدا مەبەستە، بەو مانایە دێت کە ببێتە هۆی ئاگاداریکردنی شتێک/دەستکەوتێک، کەوابوو لێرەدا بەکارهێنانی هەر وشەیەک لەبریی وشەی پێشمەرگە جگە لە وشە نێونەتەوەییەکان کە لە وەرگێڕاندا هەمان مانا دەگرنەوە، هەڵەیەکی زەقە.

وشەی پێشمەرگە هەرچەندە لەناو کورددا وشەیەکی کۆن نییە و بۆ نموونە لە سەردەمی میر موحەممەدی میری ڕەواندوز (پاشای کۆرە)دا بە هێزەکانیان دەگوت مفرەدی یاخود مفتە و لە باکووری کوردستان بە عەسکەرێ کوردستان و هێندێک شوێن بە سەرباز ناویان بردووە، خۆشەویستترین وشەیە لەناو کورددا کە لەپاڵ وشەی کورد و کوردستان و شاخ و بەفر و ئازادی و شەهیدبوونەوە دێت و هەموو کاتێک گەلی کورد بە بوونی پێشمەرگەوە هەستی بە بوونی خۆی کردووە واتە وشەی پێشمەرگە لای خەڵکی کورد کە دێرترین و درێژترین تێکۆشانیان هەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی، کەوتۆتە پاڵ بژێویی ژیانەوە. کەوابوو وشەی پێشمەرگە پیرۆزییەتی خۆی پەیداکردووە و لە دڵ و دەروونی مرۆڤی کورددا هەستێکە و جێگەی بووەتەوە، ئایا لە بارودۆخی ئەمڕۆدا دەبێ ئەو زیانە چی بێت کە بە مانەوەی وشەی پێشمەگەوە دەکەوێتەوە. ئایا کورد بووە بە دەوڵەت و دەوڵەتیش دەبێت بەپێی سیاسەتی ڕۆژ هەڵسوکەوت بکات، نەخێر هێشتا ئەو ڕۆژە دوورە و ئەو هەنگاوانەش بە شێواو لێک دەدەنەوە، کەوابوو بۆ لە گۆڕینی شتە پیرۆزەکانەوە دەسپێبکەین؟ ئایا ئەوەش مەترسییەکی تر نییە بۆ سەر دۆزی ڕەوای کورد و بەستانەوەی ئیرادەکان بە ناوەندێکی ترەوە، کە هاکە ئەویش لەژێر دەستەڵاتی کوردی وەدەربێت؟

وشەی پێشمەرگە بریتییە لە مێژوویەکی ڕابووردوو و داهاتووی گەلی کورد، چونکە هێندێک سەروەری و سیمای نەتەوەییی گەلی کورد هەن کە نابێت هەر بە هەرێم و لەتێکی کوردستانەوە ببەسترێنەوە. پێشمەرگەی کورد هێشتا ئەرکی زۆر گرنگی لەپێشدا ماوە و کوردستانیش هەر ئەو نیوە هەرێمە بێ سووتەمەنییە نییە کە ئەمڕۆ لەبەر دەستی کورددایە.

بۆ له بچووکترین هەنگاوەوە دەسپێنەکەین و بۆ نموونە ناوی دێهات و شارۆچکە و کانیاوەکانی کوردستان کە لە سەردەمی داگیرکارییەوە پیرۆزیی خۆیان لەدەست داوە بکەینەوە بە کوردی، خۆ بەشێک لەو شوێنانە لە هەرێمی کوردستان و لەبەر دەستی حکوومەتی هەرێمدان: (قەرەهەنجیر، قەرەحەسەن، قەرەسالم، قەرەباشی، قەرەتەپە، قەرەبەگ، قەرەدەرە، قەرەداغ، قەزانقایە، قووشقایە، قەرغەتوو، قووشتەپە، گۆپتەپە، ئاوڵتەپە، ناسری میسر و زۆری تر) کە تورکی و عەرەبین.

لەدوای ئەوە گریمان ئەوا لەژێر گووشاری حکومەتی ناوەندیدا ئەو کارە دەکرێت جا چ لەبەر بوودجە و چ لەبەر میلیشیاکان کە ئەوە دەکەنە ئاستەنگ بۆ مانەوەیان، بەڵام وشەی پاسەوان لەبریی وشەی پێشمەرگە تەواو نەشیاوە، چونکە پاسەوانی-کردن نابێت بە پێشمەرگایەتی-کردن. لەناو زمانی کوردیدا وەک هەر زمانێکی تر پڕە لە وشەی جۆراوجۆر و هاومانا، بەڵام وشەی هاومانا نەک بەو مانایەی کە بتوانرێت تەواوی وشە هاوماناکان لە یەک شوێندا بەکاربهێنرێن، بۆیە وشەی پاسەوان، ئێشکگر-کێشکگر-هێشکگر، کێشکڤان، نۆبەدار، چۆکدار، بیەگر، پارازگ، پارازۆ، دیدەڤان، دیدەوان، قۆڵچی، نۆبەتچی، پاسەبان ئەمانە هەموو هاومانان و لەگەڵ وشەی پاراستن، پارێزتن، چاوەدێریکردن. پارێزگاریلێکردن، ئاگالێبوون کە زۆر جار تێکەڵ دەکرێن ناشێ بخرێنە قاڵبێکەوە، چونکە هەروەک وشەی (غاردانێ یاخود ڕاکردن) کە هاومانان و (غاردانێ) بۆ مرۆڤ نابێت و (ڕاکردن) دەبێت، وشەکانی تریش بەو شێوەیەن و ناکرێت لەهەر شوێنێکدا بخوازرێت، بەکاربهێنرێن.

هەروەک چۆن بەکارهێنانی وشەی غاردانێ بۆ مرۆڤ لەجێگەی خۆی نییە، بەوشێوەیەش بەکارهێنانی وشەی پاسەوانی بۆ مرۆڤ لەجێگەی خۆی نییە. بۆیە هێزەکانی پاسەوانانی سنوور ڕستەیەکی بەهێز نییە و باشتر وایە بگوترێ هێزەکانی پێشمەرگەی پاراستنی سنوور، یاخود هێزەکانی پێشمەرگەی چاوەدێریی سنوور.

*ئەو شیعرەم لە ڕۆژنامەی کۆماردا خوێندووەتەوە کە بەر لە 17 ساڵ لە وڵاتی سوێد دەردەچوو، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر پیتێک/وشەیەکی پەڕیبێ.

2007.02.14